# (گفتوگۆ لە گەڵ سایتی قەڵەم)

## ئێستاش دیارترین شاعیران، نووسەران و وەرگێرانی زمانی کوردی ئەو کەسانەن کە خۆیان بە چەپ زانیوە

وتووێژ لە گەڵ نووسەر و وەرگێڕ ناسر ئەمین نژاد
ئامادە کردنی فەڕۆخ نێعمەتپوور

ناسری ئەمین نژاد نووسەر و ورگێڕ خەڵکی شاری بانە لە کوردستانی ئێرانە کە ئیستا دانیشتووی وڵاتی ئاڵمانە. کاک ناسر یەکێکە لەو دەگمەن قەڵەم بە دەستانەی کە هەوڵ دەدا بە وەرگێڕانی دەقە ئۆرگیناڵییە چەپیەکان، پەیوەندیکی راستەوخۆ لە نێوان خوێنەری کوردزمان و رەهەند و رەوتێک لە بیری چەپ پێک بێنێ. جگە لەمە ئەدەب، لێکۆڵینەوەو مێژوو ئەو بوارانەی دیکەن کە کاک ناسر خۆی تێدا دەبینێتەوەو لەم پەیوەندییەدا چەندین بەرهەمی وەرگێڕدراوی پێشکەش بە خوێنەرانی کوردزمان کردووە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەم بەرهەمانە بکەین: بژی زاپاتا(جان شتاین بێک)، ئێمە هەرگیز چۆک دانادەین(فیدل کاسترۆ)، کارو سەرمایە(یوهام مۆست)، دەوڵەت(لنین)، کورتەیەک لە ژیانی کارل مارکس و پوختەیەک لە مارکسیسم(لنین)، پێگەیشتن بە سوسیالیزم،(هاری مگداف، فێرد مگداف)، دنیا بەرەو کوێ دەروات(مورتەزای موحیت)، تیرۆر و ڕەشەکوژی ئاوەڵدوانەی کۆمەڵگای ئیسلامی(باقر موءمنی)، کورتەباسێک لەسەر سوسیالیسم (فریدریک ئینگێلس)، پانتولی سپی (یاشار کەمال)، ماسییەکی ڕەشی چکۆلە (سەمەدی بێهرەنگی)، کورتەیەک لە ژیانی سۆردۆلۆف، ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان (کری ولف/ محەمەدی قازی)، کردها در امپراطوری عثمانی (جەلیلی جەلیلۆف/ کاوس قەفتان).
لەم دەقە وتووێژییەدا هەوڵ دەدرێ کە لە نزیکەوە زیاتر لە گەڵ بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانی کاک ناسر لە مەڕ دنیای زمان، وەرگێڕان، بیری چەپ و باقی مەسەلەکانی دی ئاشنا ببین. هەڵبەت رەنگە دەقی تەرجەمە وەک هەر دەقێکی دی زیاتر دەربڕی بیر و بۆچوون و روانگەکانی وەرگێڕێک بێت، بە جۆرێک کە ئیدی پێویست بە لێدوانی راستەوخۆ نەبێت، بەڵام وتووێژ بە جۆرێک دەربڕی رستە سپییەکانی پەیوەندی نێوان وەرگێڕ و بەرهەمەکانیەتی. ئەو رستە سپیانەی کە وەرگێڕ و نووسەرمان زیاتر پێ دەناسێنێ تا بەرهەمەکانی.

— زۆرتر بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی سوسیالیستییەوە خەریکی. وەک ترادسیۆنێک دەزانین ئەوانەی کە زۆرتر بەمکارەوە سەرەقاڵن جیا لەوەی کە لەباری ئیدئۆلۆژییەوە لە خانەی چەپ قەراردەگرن، مەسەلەی هەژاری و چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ زۆر بەخۆیەوە مەشغوڵی کردوون. بەڵام واوەتر لە هەستێکی ئینسانی بەرامبەر بە مەسەلەی عەدالەت، ئەزموونی بەشەر بەداخەوە نیشانی داوە کە بەرەی چەپ بە تایبەتی کومونیستی بە دەسەڵات گەیشتوو، زۆر لە کارەکانیدا سەرکەوتوو نەبوون و زۆرجار خەونەکانی بە دژی خۆی هەڵگەراونەتەوە. لێرەدا نامەوێ بپرسم گوناح لە تیۆرییەوە بووە یان خود پراتیک. بەڵام حەز دەکەم بەرەو هەرە شتە بەڕواڵەت بچووکەکانەوە بگەڕێمەوە، بۆ وێنە سوسیالیزم و زمان. لە وڵاتێکدا کە هێشتا زۆربەی خەڵک ناتوانن بە زمانی دایک پێوەندی لەگەڵ فکر بەرقەرار بکەن، دەکرێ ئایدیای سوسیالیستەکان، یاخود هەر ئایدیایەکی دیکە بەجوانی دەرک بکرێ و ریشە دابکوتێ؟

— دەمەوێ بەر لەوەی لە "شتە بەڕواڵەت بچووکەکانی کۆتایی پرسیارەکەتەوە" دەستپێبکەم، چەند تێبینییەک لەسەر دەسپێکی قسەکانت دەربڕم.

یەکەم. ئەگەر ئێمە پێناسەی سوسیالیسم یان کمونیسم بە هەست و نەستێکی رووتی ئینسانی دابڕاو لە ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرج و هۆکارەکانی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیە تەنیا بە مانای بەزەیی پێداهاتنەوەیەکی خێرخوازانە دەرحەق بە مرۆڤ بزانین، پێموایە حەقی تەواومان بە چەمکی سوسیالیسم یان کمونیسم نەدابێ. ئەوە ڕاستە کە سوسیالیسم داڕماڵە لە ئینسانگەرایی و هومانیزم، بەڵام ئەوە هومانیزمێکە کە مرۆڤی وەک تاکێکی رووت نا، بەڵکوو ئینسانی کۆمەڵایەتی بە گشت، یان نەوعی کردنی ئینسانی مەبەستە. گەرەکیەتی ئینسان بە شێوەیەکی بابەتیانە لە شوێن و پێگەی مێژوویی ڕاستەقینەی خۆی دابنێ، ئەمەش هیچ شتێک نیە جگە لە گەراندنەوەی دەسەڵات بۆ ئینسان. کاتێ مارکس دەڵێ« مێژووی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لە بەرەبەیانی سوسیالیسمەوە دەستپێدەکات» ئاماژەیەکە بەو ڕاستییە. هەر بەم پێیەش سوسیالیسمی زانستی تەنیا لەسەر حەز و ئامانجێکی مرۆڤ دۆستانەی رووت دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێک بنەمای زانستیانە و پتەوی فەلسەفی، ئابووری و سیاسی ڕۆنراوە و جگە لە لێکدانەوەی بابەتیانەی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەرکی هەوڵدانی جیدی بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە بنیاتی کۆمەڵگا و نەهێشتینی کۆسپەکانی سەررێی گەشەی سەربەستانەی ئینسانیشی خستۆتە ئەستۆی خۆی.

دووهەم. ئێوە باسی ئەوە دەکەن کە ئەزموونی بەشەر بەداخەوە نیشانی داوە کە بەرەی چەپ بە تایبەتی کمونیستی بە دەسەڵات گەیشتوو زۆر لە کارەکانیدا سەرکەوتوو نەبوون و زۆرجار خەونەکانی بە دژی خۆی هەڵگەڕاونەتەوە. ئەمە ئەگەرچی ڕاستییەکیشی لەخۆ گرتووە، بەڵام هەست دەکەم جۆرە تاریکبینییەکیشی تێدایە کە رەنگە زۆر لە جێی خۆیدا نەبێ. ئەم ڕستەیە ناڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێ کە چونکا دنیابینی کمونیستی لەتەمەنی تا ئێستایدا ئەو سەرکەوتنەی کە چاوەڕوان دەکرا بەدەستی نەهێناوە و زۆرجار خەونەکانی بە دژی خۆی هەڵگەڕاونەتەوە، زەحمەتە لە داهاتووشدا رووی وەدیهاتن بەخۆیەوە ببینێ. من لەگەڵ ئەو بەرەنجامە وشک و یەک لایەنەدا نیم. ئەگەر ڕاستییە مێژووییەکان لەناو مەتن و بەتنی ڕاستەقینەی خودی رووداوەکانی جیهانیدا وردبکرێنەوە دەبینین کە: جووڵانەوەی سوسیالیسی و کمونیستی سەرەڕای هەموو تێکشکان و هەڵەو کەموکوڕیەکانی چ لەو وڵاتانەی کە بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە و چ لە ئاستی جیهانیدا دەستکەوتێکی یەکجار زۆری لە بوارەکانی مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی خەڵکی چەوساوە و زەحمەتکێش هەبوە و هێناویەتە دی، کە پێشتر خەون و خەیاڵ بوون. ئەم بزوتنەوەیە نەخشێکی حاشاهەڵنەگری لە داڕماندنی زنجیرەی سیستمی داگیرکاری (استعمار) و شکاندنی پشتی فاشیسم لە شەری دووی جیهانیدا گێڕاوە. ئێستاش دەورێکی گرینگ دەبینێ لە گۆڕەپانی خەبات و بەربەرەکانێی جیهانیدا و بۆ هێنانەگۆڕ و هەوڵدانی بەکردەوە لە پێناو چەسپاندن و بەدیهێنانی مافەکانی ژنان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، پشتیبانی هەمە لایەنە لە جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکان و نەتەوە چەوساوەکان، بەشداری بێوچان لە بزوتنەوەی دژ بە شەر، دژ بە نیولیبرالیسم، پاراستنی ژینگە و داماڵینی بیچمی ریاکارانەی سەرمایەداری و کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی بە گشتی.

نابێ ئەوەش لەبیر بەرینەوە کە ئەم خەباتە لە مەیدانێکی گەلێک نابەرامبەردا بەڕێوە چووە و دەچێ. هەموو دنیای ئیمپریالیستی و کۆنەپارێزی، هەر لە سەرەتای شۆرشی ١٧ی ئوکتۆبرەوە هەتا ئەمرۆ، لە دژی بزوتنەوەی سوسیالیستی دەستیان لە هیچ گەلەکۆمەکییەکی دژی ئینسانی و جینایەتکارانە نەگێڕاوەتەوە. تەنیا ئەوە بخەینەوە بیرمان کە هێرشی گەلەکۆمەکیانەی ١٤ وڵاتی ئیمپریالیستی بۆسەر یەکەمین وڵاتی شۆڕاکان و هێرشی فاشیسم بۆسەر ئەو وڵاتە چەندە زەرەروزیانی ماددی و ئینسانی، وەدواخستن و دوورخستنەوە لە ئامانجەکانی بۆ ئەو وڵاتە "ساوایە" کە دەستی دابووە کارێکی گەورەی مێژوویی بەجێهێشت. ئابڵۆقەدان و پەلپ و بیانووی هەر رۆژەی بە وڵاتانی دیکەی سوسیالیستی و تازە رزگاربوو، رووکارێکی دیکەی ئەو سیما نابەرابەرەیە کە نابێ لە لێکدانەوەکاندا لەبیر بچنەوە. هەر ئێستا کوبای هەژار سەرەڕای چەندین جار هێرشی ڕاستەوخۆ زیاتر لە ٤٠ ساڵە خراوەتە ژێر توندترین تەحریم و هەرەشەی ئیمپریالیستی.

ئێستا هەر لەو وڵاتەش بە هەموو هەژارییەکانیەوە، ئاستی ژیانی تێکڕایی، بەتایبەت لە بابەت خزمەتگوزارییە گشتییەکان، خوێندن و بارهێنان و لەشساغی و وەرزش و ...بەرزترە لە هەموو وڵاتانی دەوروبەری خۆی.
خۆ ئەگەر ئەمجۆرە تێبینییانە دەرحەق بە بزوتنەوەی سوسیالیستی راست بێ و دڵکرمۆڵی لە تیوری و پراکتیکی ئەو بزوتنەوەیە پێک بێنێ، دەبێ لانی کەم هەر بەم چاوەش سەیری بزوتنەوەکانی دیکە بکرێ. ئەگەر ئاواش بچینە پێشەوە دنیا لەوەش کە هەیە گەلێک تاریکتر دەبێ و هیچ رۆژنەیەکی هیوا بە ئاڵوگۆڕی قووڵی کۆمەڵایەتی لە ژیانی کۆمەڵگادا نامێنێ و مرۆڤ بەرەو بێباوەری بە هەموو شتێک، چەدبێ با ببێ و نهلیزم ڕادەکێشێ. ئێوە سەیر کەن تەمەنی بزوتنەوەی هاوچەرخی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ لانی کەم٩٠ ساڵ، بەڵام هێشتاش لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی دایە و ئاسۆی سەرکەوتنی یەکجاریشی گەلێک لێڵ و نادیارە. ئێوە سەیر کەن یەک دوو ساڵ بەر لە ئێستا سەد ساڵ بەسەر «شۆڕشی مەشروتە«ی ئێراندا تێپەڕی. هەموان دەزانین کە ئامانجی سەرەکی ئەو شۆڕشە بەدەستهێنانی ئازادی و بەڕێوەچوونی «ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ولایەتی» بوو. کەچی دەبینین جووڵانەوەی ئازادیخوازای بۆ شکاندنی زنجیری ئیستبداد و سەرەڕۆیی لەو وڵاتە هێشتا لە نیوەی ڕێگاشدا نیە. ئەگەر هەموو ئەمانەش بەو پێودانگە بپێورێن، دەبێ هەموو ئەو ئارەزوە ئینسانییانە بخرێنە لاوە و فوویەک لە چرای هیوا بە سەرکەوتندا بکرێ.
ئەمانە هەموو ئەزموونێکی شیاوی دەرسلێوەرگرتنن و نیشانی دەدەن کە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی قووڵی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لە وڵاتانی وەکو لای ئێمە، چەندە دژوار و چەتوونە و چەندە بیری ورد و پشوی درێژ و ئامادەکاری گەورەوگرانی دەوێ. مرۆڤایەتی چاری نیە، دەبێ ئەو بارە بە مەقسەد بگەیەنێ و کۆڵ نەدات و داری زۆرداری و چەوساندنەوە بنکۆڵ بکات و دایڕوخێنێ. ئەمە ئەرکێکە لەسەر ڕێگای بزوتنەوەی سوسیالیستیش و دەبێ بە پشت بەستن بە هەموو ئەزموون و تاقیکارییەکان و خۆدوورخستنەوە لە تاکرەوی و وشکاڕۆیی، بە رابردوودا بچێتەوە و ژیرانە نەخشەی داهاتوو دابڕێژێ و هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێشەوە ڕێگا ببڕێ.
ئەمجار با بێینە سەر بابەتە "وردەکان"، زمان و پێوەندیی لە گەڵ بڵاوبوونەوەی بیری سوسیالیستی و ئەدەبیاتی سوسیالیستی.
هەموان دەزانین کە زمان هیچ شتێک نیە جگە لە ئامێرێک کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی بیرومەبەست و تێڕوانینەکانی و بۆ دامەزراندی ڕایەڵەیەکی پێوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆی و مرۆڤی دیکە بەگشتی دایهێناوە. زمان یارمەتی بە مرۆڤ دەدات هەتا زیاتر دەوروبەری خۆی بناسێ، بیری خۆی دەرببڕێ و لە بیر و تێڕوانینی خەڵکی دیکەش بگات. کە لە سەرەتادا زۆر سادە و روتین بووە و تا هاتووە وەک هەموو دیارەیەکی تری کۆمەڵایەتی بە پێی هەلومەرجێک کە تێیدا بووە ئاڵوزتر و بەربڵاوتر بووە و پتر گەشەی ساندووە. بەمجۆرە زمان دیاردەیەکی یەکجار و بۆ هەمیشە داڕێژراوی چەقبەستووی هەتاهەتایی نیە، بە پێچەوانە ئەگەر چەقی بەست و پێبەپێی پێویستییەکانی زەمان نەچوە پێش و نەیتوانی خۆی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵ و زانستدا بگونجێنی و فراژۆ ببێ، ئەوا دەبێتە ئامێرێکی کولی ناکارامە کە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ بیری نوێ و پێداویستی تازەی سەردەمدا نوێ بکاتەوە. هەرچەند ئەو ئامێرەش کول و دەستبەستراو بێت، ئەوەندەش بە زەحمەتێکی زۆر دەتوانێ ئەرکی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ.
زمانی کوردیش وەکو هەموو زمانەکانیتری دنیا لەو چوارچێوە گشتییەدا هەڵناوێردرێ. ئەگەرچی بناخەیەکی پتەو و خاوەنی تایبەتمەندی و قەوارەیەکی سەربەخۆی زمانەوانی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا و بەداخەوە مەودایەکی زۆری ماوە تا بە زمانە گەشەساندووەکانی دنیا بگاتەوە. ئەمە باسێکی زمانەوانییە و جیی خۆیەتی زیاتر بکەوێتە بەر لێکدانەوەی زماناسەکان و پسپۆڕانی ئەو بوارە و کەموکوڕی و گیروگرفتەکانی زیاتر بخەنە بەر چاوی کۆمەڵ و شێوەی دەربازبوون لە کەندولەندەکانی سەر ڕێگای زمان پێشنیار بکەن. لێرەدا ئەمن وەک کەسێک کە تا ڕادەیەک خۆی بە

کاری وەرگێڕان و نووسینی لێرەولەوێوە خەریک کردوە، ئاماژە بە چەند گیروگرفتێک دەکەم کە خۆم لەگەڵیدا بەرەورووم و بێگومانم کە گیروگرفتی خەڵکی دیکەشن. ئەم زمانە ئەگەرچی لە دەربڕینی ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا و کون وکەلەبەرەکانی سروشت و هەست و دەرونی مرۆڤ تا رادەیەکی زۆر دەستی ئاوەڵەیە، بەڵام بەداخەوە لە بوارە زانستییەکاندا زمانێکی ورد نیە کە بتوانێ بێپێچوپەنا واتا سیاسییەکان وەک خۆی دەرببڕێ. یانی کردار و وشەکانمان (افعال و لغات) زۆر کەمن و بەرتەسکن. زۆرجار وەرگێر و نووسەر ناچار دەبێ بۆ ماناکردنەوە، یان دەربڕینی واتایەکی زانستی ـ فەلسەفی، ئابووری، سیاسی، تکنیکی و... ـ پەنا بە چەندین وشەی هاو واتا بەرێ و ریزیان بکات تا کەمێک خۆی لە واتا راستەقینەکە نزیک بکاتەوە. هەروەها لەبواری ڕێنووس، خەت و جۆری نووسین، تەنانەت جۆری وتنەوەی وشەکان و نیشانەدانانی نێوان رستەکان (علامتگذاری) بشێوی و ناهەماهەنگییەکی یەکجار زۆر دەبینرێ. لەگەڵ ئەوانەشدا زۆرجار سێبەری قەوارەی رستەسازکردنی فارسی، عەرەبی و تورکی پشووی نووسراوەکانی سوار کردووە و خۆی بەسەر نووسەر و وەرگێڕدا سەپاندووە و ناهێڵێ رەوتی نووسین بە کوردییەکی خۆماڵییانە بە بێ شڵپوهوڕ و سەرسمدان بچێتە پێشەوە.

بەشێکی یەکجار زۆری ئەم گیروگرفتانە دەگەڕێتەوە بۆ زەبروزەنگ و چەوساندنەوەیەکی بێپسانەوەی نەتەوەیی، بە گشتی تواندنەوەی نەتەوەیی و قەدەغەکردنی زمانی زگماک، کە بە درێژایی سەدان ساڵی رابردوو لە لایەن دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکانی فارس و تورک و عەرەب بەسەر کوردا سەپاوە. بێگومان دەربازبوون لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارە دەتوانێ درگا و بوارێکی لەبار بۆ گەشە و نەشە و بەخۆدا هاتن بخاتە بەردەم زمانی کوردی. قسەی تێدا نیە کە ئەو زمانەش وەک هەموو زمانەکانیتری دنیا ئەو تواناییەی تێدایە و دەکارێ لە بازنەی خۆڕسکیدا بێتە دەر و لە ئەنجامی هەوڵ و ماندووبوونی یەکدەست و بە کۆمەڵی زانایانی ئەو بوارە بەدانستە و زانستییانە رێگەی هەڵدان و گەشەی ئاسایی بپێوێ.

ئەوەی کە داخوا "لە وڵاتێکدا کە هێشتا زۆربەی خەڵک ناتوانن بە زمانی دایک پێوەندی لەگەڵ فکر بەرقەرار بکەن، دەکرێ ئایدیای سوسیالیستەکان، یاخود هەر ئایدیایەکی دیکە بەجوانی دەرک بکرێ و ریشە دابکوتێ؟" دەبێ بڵێم بەڵی دەکرێ، بەڵام بە دووبارەکاری و زەحمەتێکی زۆر. بەستنەوەی قایمی ئە دووانە بە یەکترەوە کە بە بێ یەکتر سەرنەگرێ یان ریشە دانەکوتێ، لە جێی خویدا نیە. نابێ رێگا بدەین ئەو ئەسڵە دروستەی کە دەڵێ زمان هەتا دەوڵەمەندتر بێ، وردتر دەتوانێ بیر دەربڕێ، بگاتە ئەو ئەنجامە ناڕاست و ڕاسیستییەی کە پێیوایە ئەو نەتەوانەی کە زمانیان دەوڵەمەنترە بیر و فکرەکانیشیان دەوڵەمەنترە یان بە پێچەوانە. ئەوەندەشی خۆتان گوتەنی کە بۆ "ئایدیا سوسیالیستییەکان" دەگەڕێتەوە، پێموایە لە کوردستاندا خاوەنی ڕەگوریشەیەکی چەسپاوە، هەروەها ئەدەبی سوسیالیستیش یان رئالیسمی شۆڕشگێرانەش جێگایەکی شیاو و کۆنی هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا و لەگەڕدا بوونی ڕەوتی بەرابەریخواز و شۆرشگێرانە و ڕاوەستان لەبەرامبەر زولم و زۆرداری کە لە هەناوی ئەو ئایدیا سوسیالیستییانەوە رژاوەتە ناو کۆمەڵگاکەمانەوە. جا ئەگەر کەموکورتیش بێ، ئەو قسەیەکی دیکەیە و باسێکیترە.

**ـ هەڵبەت مەبەست ئەوە نیە کە تەنیا لە پێویستی زمانەوە بە زەرورەتی ناسیونالیسم بگەین. ئەزموونی وڵاتانێکمان لەبەر دەستایە کە لەگەڵ ئەوەی کە لە زمانەوە بە زەرورەتی دەوڵەت نەگەیشتوون، بەڵام دەرفەتی گەشەی زمانیان هەیە. واتە نامەوێ بڵێم کە هەر زمانێک لەسەرەتادا دەبێ دەوڵەتی خۆی هەبێ، ئەوجار دەتوانێ پرۆڤەی بیر بکا. من پێموایە هەژاری زمان لە بواری بۆ وێنە ئایدیا سوسیالیستییەکان لە ماددی**

**بوونەوەی ئایدیاکان یان خود بە گشتی بوونەوەی بەرگری دەکات. گرفتی چەپ لە کوردستان گرینگی نەدانی پێویستە بە زمان لە پانتایی ئەدەبیاتی سوسیالیستیدا. تا زمان لەم بارانەوە رێک و پێکتر بێت و وەستایانە هەڵچنرابێت، بێگومان قووڵایی ئەندیشەش پتر دەبێ. جا بە رای تۆ چەندە لەو بەرهەمانەی کە لەم بوارانەدا کراون بە کوردی، توانیویانە هاوسەنگییەکی پێویست لەنێوان ئەندیشەی سوسیالیستی و زماندا چێ بکەن؟**

ــ ئەوەی ڕاستی بێت ئەمن لەو پرسیارەدا لە دەستەواژەی «زەرورەتی ناسیونالیسم» جا بە بۆنەی زمانەوە یان هەر شتێکی تر، یاخود لە زمانەوە بە زەرورەتی دەوڵەت گەیشتن ناگەم. ئەوە راست پشتگیری دەوڵەتی دەتوانێ نەخشێکی کارای هەبێ لە تەختکردنی کەندوکۆسپەکانی سەر رێگای گەشەی زمان بەڵام شەرتیش نیە هەموو دەسەڵاتێکی دەوڵەتی ئەو ئەرکەی خستبێتە ئەستۆی خۆی. لەم بابەتەوە ناسیونالیسمی بە دەسەڵات گەیشتووی کورد نمونەیەکی بەرچاوە. ئێوە سەیر کەن دەسەڵاتدارانی ناسیونالیستی کورد لە ناوچەیەکی بەرینی کوردستاندا زیاتر لە پانزە ساڵە دەسەڵاتدارن، زیاتر لە حەوت ساڵە بووجەیەکی مۆڵی سەدان ملوێن دۆلارییان بە دەستەوەیە و جڵەوی هەموو کاروبارەکانی ناوخۆیان بەدەستەوەیە، بەڵام دەبینین کە ئەوەی بیریان لێنەکردۆتەوە و بە خەیاڵیشیاندا نایەت خزمەتکردن بە زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ لابردنی کەندوکۆسپەکانیەتی. نەک هەر ئەمە بەڵکوو زمنیشیان تێکەڵ بە کێشمەکێشی سیاسی ناوخۆ کردووە، بەمجۆرە تەنگوچەڵەمەی زۆرتریشی خراوەتە بەردەم. ئەگەرچی رۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی دەیان قات زیادی کردووە بەڵام لەبەر ئەوەی کە تەنگ و چەڵەمەکان هەر لەسەر جێگای خۆیاندا ماونەتەوە، یان هەر هیچ نەبێ، کەم نەکراونەتەوە، یان رێگا چارەیەک بۆ نەخۆشیەکەنی نەدۆزراوەتەوە، ئاشکرایە کە برینەکان و ئاسەوارەکانیشی هەر بەو ڕادەیە قووڵتر و تەشەنەساندوو ماونەتەوە و هەروا دەمێننەوە.

لەبابەت ماددی بوونی ئایدیا سوسیالیستییەکانیش دەبێ بڵێم کە ئەمە بابەتێک نیە کە تەنیا پێوەندی بە زمانەوە هەبێت. ئایدیا سوسیالیستییەکان یان هەر ئایدیایەکیتر کاتێ ماددی دەبێتەوە و هێزی ماددی پەیدا دەکات کە بچێتە ناو جەماوەرەوە. ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بەو دەرەاو و دەرفەتانەوە هەیە کە لەبەردەمیدایە بۆ دزەکردنە ناو کۆمەڵگا و شوێن دانان لەسەر بیروڕای گشتی. ئەمە بەتایبەت کۆسپێکی گەورەیە لەسەر ئایدیا سوسیالیستییەکان، چونکا بناخەی ئەم تێڕوانینە لەسەر دژایەتیکردنی زوڵم و زۆرداری، چەوساندنەوە و بێعەداڵەتی و بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ملهوڕانە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی قووڵی کۆمەڵایەتی دامەزراوە، کۆمەڵگاکانی ئێمەش بە بەردەوامی بە دەست ئیستبداد و سەرەڕۆییەوە ناڵاندوویەتی. دامودەزگا دەسەڵاتدارەکان تا توانیویانە هەموو فێڵوفەرەجێک و زەبروزەنگێکیان بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو بیروتێڕوانینانە بەکارهێناوە. دەبینین هەر کاتێکیش درزێک یان بۆشاییەک کەوتبێتە قەوارەی دەسەڵاتی دەوڵەتی هەر ئەم ئایدیا سوسیالیستی و رزگاریخوازانەیە چەندە بە گەرمەگوڕییەوە لە ناو کۆمەڵگادا پێشوازی لێکراوە، مەودای ساڵەکانی نێوان ١٣٢٠ تا ١٣٢٧ و ١٣٢٩ تا ١٣٣٢ ، هەروها ٥٦ تا ١٣٦٠ی ئێران نمونەیەکی بەرچاوی ئەو ڕاستییانەیە.

گومانی جیدیم لەوە هەیە کە "بەرەی چەپ بەگوێرەی پێویست گرینگی بە زمان نەدابێ" بە تایبەت لە رابردودا وا نەبووە و گرینگییەکی زۆریشی پێداوە. من پێموایە بەرەی چەپ بە گشتی دەورێکی کارای هەبووە بەتایبەت لە زیندوکردنەوە و پەرەدان بەزمانی کوردی. ئێستاش دیارترین شاعیران و نوسەران و وەرگێرانی زمانی کوردی ئەو کەسانەن کە خۆیان بە چەپ زانیوە، هەر لە گۆران و دڵزارەوە بگرە هەتا هێمن و قزڵجی، هەتا عەرەب شەمۆ و جگەرخوێن، هەتا محەمەدی مەلاکەریم و حسامی و حەمەسەعید حەسەن و دەیانی دیکەش خزمەتێکی گەورەیان بە زمانی کوردی کردووە.

ئێمـە دەبـێ بـەرەی چـەپ زۆر فراوانتـر لـە بەسـتێنی ڕێکخـراوە سیاسـیەکان ببینـین. ئـەوانیش ئـەمڕۆ بەتایبـەت کەمتەرخەمییەکی زۆر لەبابەت زمانی کوردییەوە دەکەن. ئەوان زیاتر ئەمڕۆ زمانیان بۆ تەبلیغات و ئیعلام گەرەکە، پییان وایە هێند پێویست بەوە ناکات کە پێمل بە یاسا و ڕیسای زمانەوانییەوە بن. بەمجۆرە خۆیان گوتـەنی گۆیا گەرەکیانـە بە زمانی "ڕەشایی" خەڵک قسـە بکـەن. ئەمـە کەمتەرخەمییـەکی زۆرە و ڕێگایـەکی چـەوت کـە دەبـێ ڕاست بکرێتـەوە. ئەوەی کە ئەمڕۆ زیاتر بەکاری دەبەن نەک زمانی "ڕەشایی" خەڵک بەڵکوو زمانێکی کەچە روناکبیرانەی دابڕاو لە خـەڵک و دارمال لە وشەی نامۆی فارسی و عەرەبی و بیانییە کە بە بیانووی زمانی ساکاری ناو کۆمـەڵگا بڵاودەکرێتـەوە. ئەمـە زمانێکی زڕە و زیان بە زمان دەگەیەنێ. ئەمڕۆ بەتایبەت ئەم زمانە نەزۆکە لە کوردستانی عێراقدا دەبیندرێ و بە ڕاست جێگـای داخـە. وەرگێڕانـی وا بڵاوکراونەتـەو کـە "پیـاو" بـەزەیی بـە نووسـەرەکانیاندا دێتـەوە. زمـانێکی وەهـا قـورس و چەوتوچەوێڵ بەکار دەبەن کە بەڕاستی جێگای سەرسووڕمانە. زۆرجار مرۆڤ شک لەوە پەیدا دەکـات کـە "وەرگێڕەکـان" بۆخۆیـان هـەر لـە بنەڕەتـدا لـە بابەتـەکان گەیشـتبێتن. لـەم بابەتەشـەوە جـۆرە تێبینییـەکی چـەوت هەیـە کـە تـەنیا «ناوەڕۆک» بە گرینگ دەزانێ و گوێ بە »شکڵ» واتە لایەنی هونەری و ئەدەبییەکی نادات. ئەمە گەلێک ناڕەوایە و لەو باوەڕەدام کە ئەگەر کەسێک گوێ بە زمان نەدات و نەتوانێ بە قـەوڵی ئێـوە بـە ڕێکـوپێکی بیخاتەگـەر و لـەم بابەتـەوە دەستی ئاوەڵە نەبێت، ناشتوانێ و زۆر زەحمەتە ناوەڕۆکێکی بەپێز بەیان بکات و دابڕێژێ.

**ـــ بەرهەمە فکرییەکان کـە دەنووسـرێن یـان تەرجەمـە دەکرێنـەوە زۆربـەی کـات ڕەخنـەگران یـاخود خوێنـەران لەسەریان دەنووسن و بەجۆرێک لە جۆرەکان دێنە هەڵسەنگاندن. بەڵام من هەست دەکەم لـە بابـەت ئـەدەبیاتی سوسیالیستییەوە ئەگەر بتوانم بڵێم بێدەنگییەک لە ئارادایە. جا چ لەبابـەت زمانـەوە بێـت یـان ناوەڕۆکەکـەی. بەڕای تۆ ئەمجۆرە هەڵوێست بۆچی دەگەرێتەوە؟ ئایا لە لاوازی ڕەهەندی ڕۆشنبیری ئێمەوەیـە یـان ئـەوەی کـە فکریش وەک کالا مۆدەی خۆی دەوێ؟**

ـــ پێمـوایە زۆرتـر دەگەڕێتـەوە بـۆ "لاوازی ڕەهەنـدی ڕۆشـنبیری ئێمـە". هەڵسـەنگاندنی بابەتـەکان یـان بـە گشـتی «ڕەخنەگری» بە تایبەت لە دنیای نووسین و ئەدەبیاتدا بەشێکی یەکجار گرینگە. ئەمـە بابـەتێکی هونـەری ـ زانسـتی سەربەخۆیە و چرۆپڕ لە گەڵ دنیای ڕۆشنبیریی گشتیدا پێکهـەڵپێکراوە. «ڕەخنـەگری» جیـاوازە لـە »بیـانووگری» و شەرەدەندووکی تاکە کەسی و ئەگەر بە ئاقارێکی زانستییانە و ئەجۆرەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێ بڕواتەپێش دەتوانێ دەورێکی کارای هەبێ لە بەرەوپێشەوە چوون. لێکدانەوە، نرخاندن و دیاری کردنـی هەڵـە و کەموکوڕییـەکان، هـەروەها قامک خستنەسەر لایەنی بەهێز و لاوازی هەر بەرهـەمێک دەتـوانێ ئاسـۆی دیتنـەکان بباتەسـەر و چـاوگوێی خوێنـەر و تەنانەت نووسەریش زیاتر بکاتەوە. ئەمەش بە کەسێک یان کەسانێک دەکـرێ کـە شـارەزای ئـەو بـوارە بـن، بۆخۆیـان بەتەواوی سەریان لەو بابەتە دەرچێ کە دەیانەوێ هەڵسـەنگێنن. ئەمـە بەداخـەوە کەموکوڕییـەکی جیدییـە و هـەر لـە کۆنەوە باڵی بەسەر ڕۆشنبیری کوردیدا گرتووە. ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا خـەریکن ژمارەیـان بـە پەنجـەی دەست دەژمێردرێ، ئەمە بۆشاییەکی گەورەیە. ئـەمڕۆ «ڕەخنـەگری» بۆتـە یـەکێک لـە پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی گەشـەی ڕۆشنبیری و دەورێکی کارا لە بەرەوپێشبردن و پوختەکردنی دید و بۆچوونەکان دەگێڕێ. بەداخەوە ئەم بابەتە گرینگە هێشتا بە گوێرەی پێویست جێگای شیاوی خۆی لە لای ئێمە نەکردۆتەوە و هێندە بایـەخی پێنـادرێ کـە گەرەکیـەتی. کەم گوێ هەیە کە تاقەتی بیستنی «ڕەخنە»ی هەبێت، خێرا بە دوژمنکاری و ناحەزیەتی لێکدەدرێتەوە. هەر ئەمـەش ڕادەی پێکگەیشتن و لێکگەیشتن کەم دەکاتەوە. بەداخەوە ئەمە نەک هەر لە بـواری ئـەدەبی و بیروبڕوایـی، بـەڵکو لـە مەیدانی سیاسیشدا بەربێنکی کۆمەڵگای ئێمەی گرتووە. ڕێکخراوە سیاسییەکانیش تاقەتی بیستنی «ڕەخنە»یان نیـە،

وای لێهاتووە کە زیاتر هێزی باسکیان دەوێ هەتا بیری تیژی پرسیارگەرانە. ڕەنگە هەر ئەم نەریتە قەڵبەش وای کردووە کە پاش بەرزبوونەوەی هەر ڕەخنەیەک، ئاوری چەند بەرەکی خۆش دەبێ و پارچەپارچەبوون و ئینکەبەری دژ بە یەکتر دەست پێدەکات.

**ــ تا ئێستا جۆری کمونیستی باوترین جۆری چەپی لای ئێمە بووە. چەپی مامناوەندی کە لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی بازار و دموکراسی خۆی لە چەپی کمونیستی دوور دەخاتەوە، تا ئێستا نەیتوانیوە وەک کمونیسم حزووری بەهێزی ئایدئۆلۆژیکی هەبێ. هەڵبەت ئێستا لەباری سیاسییەوە دۆخەکە گۆڕاوە. واتە لەگەڵ ئەوەی کە بە کردەوە زۆر حیزب و لایەن خۆیان بەلانی کەم لە میرات و سریمەکانی کمونیسم دوور خستۆتەوە، بەڵام هێشتا لەباری فکرییەوە چەپی مامناوەندی قورسایی چەپی کمونیستی نیە و نەیتوانیوە خۆی بە گوێرەی پێویست تئوریزە بکات. تا ئەو جێگایەی سەرنجم دابێت جەنابیشیت لە چەپی کمونیسمەوە تەرجەمە دەکەی. پرسیار ئەوەیە کە پێت وانیە بۆ ئەوەی تەکانێک لە ئەدەبیاتی سوسیالیستی بدرێت ئێمەش لانی کەم پێویستمان بە ڕاگوێستنی تەجروبەی چەپ لە قاڵبی چەپی مامناوەندی لە وڵاتانی ئوروپاوە هەیە؟**

ــ بەکارهێنانی زاراوەی «چەپ» ئاوا بە گشتی و دابەشکردنی بە چەپی سوسیالیستی و چەپی کمونیستی پێموایە پڕ بە پێستی خۆی نیە. دەزانم ئەمڕۆ بۆتە »هەڵەیەکی باو«. ئەوە لە تێڕێک دەچێ کە هەموو شتێکی تێدایە و لەسەری نووسراوە »چەپ«، ئەو حیزبانەشی تێدا جێدەبێتەوە کە تەنیا ناوی سوسیالیزمیان بە خۆیانەوە لکاندووە، ئەگەرچی«ڕاست»ترین هەڵوێست و سیاسەتیشیان لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەشدا هەبێ. بەمئاوایە بڕۆینە پێش، دەبینین زۆر حیزبی وەکوو «سوسیالیستی تورکیە» و« کاری ئینگلستان» و باڵێک لە مەشروتەخوازەکانی ئێرانیش دەبنە چەپ. ئەمە زوڵمێکی گەورەیە دەرحەق بەو ملوێنەها ئینسانەی کە خۆیان بە چەپ زانیوە و لەپێناو کۆمەڵگایەکی عادڵانەی ئینسانیدا خەباتیان کردووە و تێکۆشاون و گیانی خۆیان لەو پێناوەدا بەخت کردووە. من پێموایە »چەپ« ڕوانگەیەکی فیکرییە کە لەسەر "دنیابینی سوسیالیزمی زانستی" دامەزراوە و بڕوای بە بەرابەری ئینسانەکان هەیە و بۆ کۆمەڵگایەکی بێچەوساندنەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان تێدەکۆشێ و نیزامی سەرمایەداری بە کۆتایی جیهان و چارەنووسی لەچار نەهاتووی مرۆڤایەتی نازانێ. ڕەنگە ئەمەش تەواو ورد نەبێ، بەڵام من مەبەستم لە چەپ ئەوەیە.

هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد ملهوڕی و ئیستبدادی ڕۆژهەڵاتیی گرفتی سەرەکی کۆمەڵگاکانی ئێمەیە و کۆسپی جیدییە لەسەر ڕێگای گەشەی فیکری و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا. ئەم بارودۆخە نالەبارە دەرەتانی هەلسوڕانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری یەکجار زۆر بەرتەسک کردۆتەوە مەودا بۆ ئەوە نیە کە تێبینی و ڕوانگە جۆربەجۆرەکان بە ئاراستەیەکی مەنتقیدا بڕواتە پێش و بڵاو بێتەوە و پراکتیزە بکرێ. ئەوەش کە کراوە بە دزە دزە و نیوە و نیوەچڵی و بە سەقەتی چۆتە پێش. ئاشکرایە کە بارودۆخێکی ئەوتۆ دەتوانێ گەورەترین زەبر لە وشیاری کۆمەڵایەتی بەگشتی بسرەوێنێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە هەر قسەیەکی جیاواز لە بیروڕوانینەکانی دەسەڵاتی ناوەندی، هەر خواستێکی ئازادیخوازانە و دموکراتیک، هەر نارەزایەتییەک لە دژی هەلومەرجی نالەباری بژیو و گوزەران باسی سەر بێت و شەق و تێهەڵدان و کوشتن و برینی بە دواوە بێت، ئاشکرایە کە ڕەوتە فکرییەکانیش بە گوێرەی پێویست ناتوانن خۆ دەربخەن، فراژۆ ببن و بە قەولی ئێوە ماددی ببنەوە. ئەم وەزعە بە جۆرێکە کە تەنانەت وەچەکانیش ناتوانن ئەزمونەکانی خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن. تازە ئەمە هێشتا هەر لە چوارچێوەی قسەشدایە، دەنا هیچ کام لەو ڕەوتە سیاسی و فکرییانە جا چ چەپی تۆخ یان مام ناوەندی نە دەسەڵاتی بە دەستەوە بوە و نە توانیویەتی بە کردەوە  خۆی بخاتە بەر دەم تاقیکاری و خەڵک و کۆمەڵگا بتوانن چاو لە ئاکار و کرگارەکانی بکەن. دیارە هەتا ئەم گرفتە هەبێ ڕەوتە فکرییەکانیش هەر دەتوانن بە نیوە و نیوەچڵی لە بۆشاییەکاندا کە پێک دێت دەرفەتەکان بقۆزنەوە و کەمێک خۆ دەرببڕن. ئەگەرچی

ئێستا بە هۆی گەشەساندنی بەرچاوی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن تا ڕادەیاکی زۆر کۆسپەکانی بەر دەم ڕاگوێزاندنی تاقیکارییەکانی مرۆڤایەتی و پێوەندی نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵ زیاتر بوە، بەڵام دیسان نابێتە ئەوەی کە جەماوەر بە گشتی بتوانێ بۆخۆی پرۆڤەی ئەو ڕێبازە فکرییانە بکات، هەڵیسەنگێنێ و لە ڕەوتێکی دیموکراتیکدا جیاوازییەکانیان بناسێ و بە ئەزمونی خۆی هەلسوکەوتیان لێکبداتەوە.

ئەوەی کە "چەپی مام ناوەندی" لەچاو چەپی کمونیستی قورسایی ئەوتۆی فکری نییە، پێموایە گرفتەکە لە چەپی بە قەولی ئێوە مامناوەندی خۆی دایە. چونکا ئەم فکرە خۆی لە دەرونی خۆیدا دووفاقی یان پارادۆکسێکی لەخۆی گرتووە و نەیتوانیوە وڵامێکی تیوریکی یان پراکتیکیش بەو پارادۆکسانە بداتەوە. ئێوە دەڵێن جیاوازییەکانی ئەم چەپە لە گەڵ چەپی کمونیستی لە چەمکەکانی بازار و دموکراسیدایە. جا لە راستیدا گرێی سەرەکیش هەر لەم چەمکانەدایە، سنوری نێوان چەپ و راستیش هەر ئەم دوو چەمکەیە، شادەماری عەداڵەتخوازی و بەرابەریش هەر ئەم دوو چەمکەیە. گرێی سەرەکی یان باشتر بڵێم مەسەلەی سەرەکی لە سوسیالیسم و چەپدا هەمان مەسەلەی خاوەنیەتی یان مالکییەت لە لایەک و شکڵی بازار و دموکراسی لە لایەکی دیکەیە. ئایا دموکراسی دەتوانێ بەستێنی ئابوریش بگرێتەوە و ئینسانەکان دەراوی ئەوەیان هەبێ کە بتوانن پێداویستییە ماددییەکانیان دابین بکرن و برسییەتی و هەژاری و بێ ئیمکاناتی بڕستیان لێ نەبڕێ؟

چەپی مامناوەندی نەک هەر لە کۆمەڵگای ئێران بەڵکو لە ئاستی جیهانیشدا نەیتوانیوە خۆ لەو دووفاقییە دەربهاوێژێ و وڵامیان پێبداتەوە. دەری خستوە کە مەبەستی لە بازار هەمان بازاری سەرمایەدارییە کە سەر لە چەوساندنەوە، ناعەداڵەتی و پامال بوونی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کۆمەڵگا و کەڵەکەبوونی سەرمایەش لە لای ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانی کۆمەڵگا کە خاوەن دەسەڵاتی سەرکیشن، دەردێنێ. دیارە ئەمە کیشەیەکی فکری جیدییە و من بەش بە حاڵی خۆم زۆر بە قازانجی دەزانم کە بوارێکی بەرفراوان لە کۆمەڵگاکەماندا هەبێ تا بکرێ هەرکام لەو روانینە فکرییانە بتوانن لە بەربەرەکانێیەکی ئاساییدا جێگای شیاوی خۆیان لە کۆمەڵگادا ببیننەووە.

**ــ دیارە هەموو کەس بە گوێرەی بیروخولیا و خەونی خۆی دەست دەداتە وەرگێڕان. بەڵام پێتان وانیە کە ئەمە مامەڵەیەکی ئایدیۆلۆژیانەیە لەگەڵ وەرگێڕان و ئێمە لە ڕاستیدا پێویستمان بەوە هەیە کە جۆرە روانینێکیتری چەپ بهێنینە ناو کۆمەڵگای خۆمانەوە؟ لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بە هەڵوێستێکی ئینگلس بکەم کە گرینگییەکی تایبەتی بە نووسراوەکانی بیریارانی سەدەی ١٨ واتە چەرخی رۆشنگەری دەدا؟**

ــ ئەو راستە کە بەرهەمی رۆشنبیریی بە گشتی بەجۆرێک ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی بیرورِوانگەی بەرهەمهێنەرەکانیەتی. ئەگەر وا نەبێ ئەوە جێگای سەرسوڕمانە، دەنا هونەری رووت، بە بێ دنیابینی بە بێ ئەرکی کۆمەڵاتی زۆر بڕ ناکات. تەنانەت زۆر کەسی وەک ئەحمەدی شاملو شتێک بە هونەر دەزانێ کە ئەرکێکی ئینسانی خستبێتە سەر شانی خۆی. یان دەبێژی هونەر دەبێ شەرم لەوە بکات کە شتێکی خونسا بێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئیدئۆلوژی و روانگەی فکری بێگومان شوێن لە سەر کارە ئەدەبێ و فکرییەکان دادەنێ، جا چ نوسین و وەرگێڕان بێ یان هەر بوارێکی دیکەی رۆشنبیری. گومانیشم لەوەدا نیە کە دەمارگیری، بەرچاوتەنگی و وشکارۆیی لە هەر شتێکدا و لەوانەش ئیدئۆلوژی دەتوانێ شوێنێکی یەکجار خراپ لەسەر بەرهەمەکان دابنێ. ئەمە کێشەیەکە کە بە درێژایی مێژووی نوسین بیرومێشکی ئینسانەکانی بەخۆیەوە خەریک کردووە. کێشەی سەرەکی لەو چەمکەدا لەوەدایە کە داخوا هونەر دەبێ رەساڵەت و بەرپرسیارەتیش لە پێناو کێشەکانی ناو کۆمەڵگادا هەڵگرێ، یان هونەر دەبێ لەپێناو هونەردا بێ و بەس.

ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان بە روانگەیەکی چەپی دیکە هەیە و دەبێ بیهێنینە گۆڕێ، ئەمە روانینێکی مکانیکییە بۆ کێشە سیاسی و فکرییەکان و بۆخۆشی جۆرە وشکارۆییەکی تێدایە، لە ڕاستیدا ئەمەش بۆ خۆی مامەڵەیەکی ئیدئولۆژییانەیە. ئەم چەپەش کە ئێوە دەیڵێن، بۆخۆی ئیدئولۆژییەکە، بۆخۆی فەلسەفە و تێڕوانین و بەرنامەی خۆی هەیە بۆ سیاسەت، بۆ ئابوری و بۆ کۆمەڵگا بە گشتی. ئەمە لە لایەک، لە لایەکیدیکەش هەر ئەم چەمکەی کە ئێوە باسی دەکەن و ئێستا لەگۆڕێدایە و بە ناوی "چەپی نوێ" وە قسەی لێدەکرێ لەڕاستیدا هیچ بابەتێکی تازەکورە نیە. کێشەی بیروباوەریی نێوان ئەو دوو چەپە شتێکی کۆنە و هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی خۆیەوە، لە سەردەمی مارکسەوە هەتا ئێستا بە شێوازی جۆربەجۆر لەگۆڕێدا بووە. ئەم دوانە ئێستا ئەوە نین کە لە سەرەتادا بوون، بێ گومان لە داهاتوشدا ئاڵوگۆڕیان بەسەر دێت و ئەوە نابن کە ئێستا هەن. ئەمانە هەمووی ئەزمونی مرۆڤایەتین، وڵامی مرۆڤایەتین بۆ چۆنیەتی دارشتنەوەی ژیان و بەرێچون و شوێنی ئینسان لە ناو کۆمەڵگا. پێموایە دەبێ لە هەموو ئەزمونە باشەکان بۆ بەڕێوەچوونی باشتری کۆمەڵگا کەڵک وەربگیردرێ. هەر وەک پێشتریش ئیشارەم پێکرد زۆرم پێباشە مەجال هەبێ بۆ دەربڕین و خۆ دەرخستنی هەموو روانگەکان، لەوانە ئەو چەپەش. دەبێ دەراوێکی کراوە بۆ خەڵک لەناو کۆمەڵگادا هەبێ، هەتا بتوانن لە مەیدانی کێشە فکری و کۆمەڵایەتییەکاندا بە بێ کۆسپ و لە تەنگەتاوخستن نەخش و دەوری خۆیان هەبێ، بەشدار بن و بتوانن هەڵبژێرن.

**ــ لە کۆتاییدا گەلێک سوپاستان دەکەین و دەستتان خۆش بێت!**

ئێوەش هەر بژین و سەرکەوتو بن.